# بۆ شەییادییە سەوزەکەی جەنابی میر موسەوی

qayshi@yahoo.com سەعی سەقزی 2009/6/12

## بزەی دوژمن

**ئەشکی خواکان دوو رەنگە**
**یەکێ جەنگ و یەک نیرەنگە**
**ئێمە بە جەنگ نەدۆڕاوین**
**هەر بە نیرەنگ فەوتاوین !**

## بە چاوی دڵ بڕوانە !

**بە چاوی دڵ گەر بڕوانی**
**نهێنییەکانیش ئەبینی !**

**بە گوێی دڵ گەر گوێ بگری**
**دەنگی بێ دەنگیش ئەهێنی !**

**بە زاری دڵ ئەگەر بدوێی**
**راستی مەبەست ئەدرکێنی !**

**گەر وانەکەی چاوەکەم**
**ژیانی راستی ئەدۆرێنێ !**

## Med Hjärtat

**Hjärtat har ögon**
**Hjärtat har öron**
**Hjärtat har mun!**

**Om du använder de ögonen**
**Kan du se alla saker!**

**Om du använder de öronen**
**Kan du höra alla saker!**

**Om du använder den munnen**
**Kan du säga alla saker!**

**Om du inte kan använda dig av dem**
**Kan du inte se, inte höra och inte tala**



بۆ یەکەمجار رۆژنامەیەکی سەراسەری لە ئێران
سەروتارەکەی بە کوردی بڵاو کردەوە
- 11 06 2009

بۆرۆژهەڵات - ناوەندی هەواڵ: رۆژنامەی "وشەی سەوز" بە خاوەن ئیمتیازیی میر حسین موسەوی کاندیداتۆری ریفۆرمخوازی پۆستی سەرکۆماریی لە ئێران، بۆ یەکەمجار سەروتاری یەکێک لە ژمارەکانی خۆی بە زمانی کوردی بڵاو کردەوە و بەمەش بوو بە یەکەم رۆژنامەی فارسی و سەراسەریی ئێران کە سەروتار یان وتارێکی بە زمانی کوردی بڵاو کردۆتەوە. ئەو وتارە کە لە ژێر ناوی "شەپۆلی ریفۆرمخوازی" دا بڵاو کراوەتەوە، لە نووسینی جەلال جەلالیزادە نوێنەری پێشووی شارەکانی سنە، دیواندەرەو کامیاران لە مەجلیسی شورای ئیسلامیە. شیاوی ئاماژەیە کە ئەم رۆژنامەیە بە زمانی نەتەوەکانی دیکەی ئێران و لەوانە زمانی تورکەمەنیش وتاری بڵاو کردۆتەوە.
لە لایەکی دیکەوە مێهدیی کەڕوبی لە نامەیەکدا بۆ وەزیری ئیتلاعات، فەرماندەی سپای پاسداران و فەرماندەی نیروی ئینتزامی، لە ئەگەری هەر جۆرە دەستێوەردانێک لە هەڵبژاردنەکاندا وشیاری کردوونەتەوە و رایگەیاندووە کە ئاکامی هەڵبژاردنەکان گرینگ نییە و تەنیا شێوەی بەرێوەچوون گرینگە. لە کۆتاییدا کەڕوبی رایگەیاندووە کە من رۆژی شەممە بە روونی ئاکامی هەڵبژاردنەکان بۆ خەڵک رادەگەیەنم و لە گەڵ ئێوە "اتمام حجت" دەکەم تا ببێ بە پەندێک بۆ دنیا و ئاخرەت